

# کچە شازادەی سەر دەنکە نۆک

هانس کریستیان ئەندەرسن
لە دانیمارکییەوە: ئازاد مەولوود
(دانیمارک)

هەبوو نەبوو شازادەیەک هەبوو، حەزی دەکرد کچە شازادەیەک بۆ خۆی بێنێ، بە مەرجێک کچەکە بەڕاستی شازادە بێت. بۆ ئەم مەبەستە گەشتێکی گەڕان و سوڕانی بە هەموو دنیادا کرد، بەڵام بۆ هەر کوێ دەچوو، کۆسپێکی دەهاتە ڕێ. کچە شازادە زۆر بوون، بەڵام نەدەگەیشت بەوەی ئاخۆ ئەمانە کچە شازادەی ڕاستەقینەن، یان نا. بەردەوام شتێک دەهاتە پێش، دەری دەخست کە ناڕاستییەک هەیە. بە نائومێدی و بە دڵێکی بەخەمەوە دەگەڕایەوە وڵات، چونکە لە دڵەوە مەبەستی بوو کچە شازادەیەک بۆ خۆی بدۆزێتەوە.

ئێوارەیەکیان کەشوهەوا زۆر دژوار و ناخۆش بوو، گەواڵە دەیشریقاند و برووسک ئاسمانی لەت دەکرد و باران بە لێزمە دایکردبوو، بەڕادەیەک مرۆڤ ترسی لێ دەنیشت. لەم کاتەدا لە دەروازەی شار درا، کە پاشا پیرەکە چوو دەروازەکە بکاتەوە، بینی کچە شازادەیەک لە دەرەوە وەستاوە، مەگەر هەر خوا بۆ خۆی بزانێ بەو کەشوهەوا دژوارە لە چ ڕەوشێکدا بوو. سەراپای سەروقژ و جلوبەرگی ئاوی لێ دەچۆڕایەوە، لە لمووز و پاژنەی پێڵاوەکانی ئاو دەچووە ژوورەوە. هاتە قسە و گوتی: من شازادەیەکی ڕاستەقینەم.

«بەڵێ، ئێستا پێدەکەوین و ڕاستی و ناڕاستی قسەکانیمان بۆ دەردەکەوێ!» شاژنی بەساڵاچوو بیری کردەوە، بەڵام هیچی نەگوت. ڕۆیشتە ژووری نووستن و تەواوی لێفە و دۆشەک و پێخەفەکانی لادا و دەنکێک نۆکی لە ناو تەختی نووستنەکە دانا، ئەوجا بیست دۆشەکی خستە سەر دەنکە

نۆکەکـە و بیسـت لێفـەی ئاخنـراو بـە پـەڕی مـراوی لەسـەر یـەک خسـتە سـەر دۆشـەکەکان، بەو مەبەسـتەی کچە شـازادەکە ئـەو شـەوە لـەوێ پـاڵ بکـەوێ.

بەیانـی ڕۆژی پاشـتر لێیـان پرسـی: «شـەوی ڕابـورد چـۆن خەوتـی؟»

کچە شـازادەکە لـە وەڵامـدا گوتـی: «زۆر خراپ، تـا بەیانـی خـەو نەچۆتـە چـاوم، شـەوێکی زۆر ناخـۆش بـوو، مەگـەر خـوا بزانـێ ئـەو تەختـی نووسـتنە چی تێدابوو، شـتێکی زۆر ڕەق کەوتبووە ژێـر کەلەکـەم، هێنـدە هەراسـانی کردبـووم، گشـت گیانـم شـین و مـۆر هەڵگـەڕاوە، شـەوێکی یەکجار خـراپ و ناخـۆش بـوو».

کـە زانییـان دەنکـە نۆکێـک لەژێـر بیسـت دۆشـەک و بیست لێفـەی پـڕ پـەڕی مـراوی ئـەو کچـەی ناڕەحـەت کـردووە، گومانیـان نەمـا کـە شـازادەی ڕاسـتەقینەیە. مەگـەر کچـە شـازادەی ڕاستەقینە، ئەگینـا هیـچ کەسـێک نییـە خاوەنـی پێسـتێکی ئـاوا ناسـک و هەسـتیار بێـت.

کـە شـازادە دڵنیابـوو، کچـە شـازادەکەی کـرد بـە هاوسـەری خـۆی و دەنکـە نۆکەکەشـیان لـە مـووزەی شـتە گرانبەهـاکان هەڵگـرت و ئەگـەر تـا ئێسـتا کـەس نەیبردبێـت، دەبـێ هـەر لـەوێ مابێـت.

بزانە، چیرۆکێک بوو بەڕاستی، ڕووی داوە.

لـە کتێبـی (سـەرجەم نووسـینەکانی هانـس کریسـتیان ئەندەرسـن) وەرگیـراوە.

H. C. Andersen
Eventyr og Historier
Komplet samling
Bogklubben 2001